شاندی پەرلەمان عەراق لە ئەنقەرە تاوتوێ چەند دەسەیەکی گرنگیان کرد

فراکسیۆنی سادقون ڕایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وێکالەت، موحسین مەندەلاوی، لەگەڵ نوعمان کورتولموش، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورکیا، ژمارەیەك دەسەی پەیوەندیدار بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کردووە، بە تایبەتی ئاسایش و ئاو و ئابووری.

حەبیب حەلاوی، سەرۆکی فراکسیۆنی سادقون ، کە یاوەری شاندی پەرلەمانە لە تورکیایە، لە ڕاگەیەندراوەکدا ووتی "محسین مەندەلاوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وێکالەت لەگەڵ نوعمان کورتولموش، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورکیا، تاوتوێ، ژمارەیەك دەسەیەکان کردووە لەوانەیش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئاسایش، ئاو،هەروەها بوژاندنەوەی پەیوەندییە دووقۆییەکان لە ئاستە جیاجیاکاندا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، مەندەلاوی ئەوەی لە کەرتی غەززە ڕوودەدات بە "جینەساید" وەسف کردووە، داوای لە "وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کردووە بەرامبەر ئەم لووتبەرزییە بوەستن و فشار بخەنە سەر بە کەتاییهێنان بە دەستدرێژی و ڕاگرتنی داگیرکاری و داخلکردنی شت ومەکی مرۆیی هاوکارییەکان بە بەردەوامی و بەپەلە، هەروەها هەماهەنگی هەوەست و هەوڵە دیپلۆماسییەکان لە کەبەندە پەرلەمانییە

ناوچەیی و نەودەوڵەتییەکان بەرەو پرسە چارەنووسسازەکان، کە گرنگترینیان پشتگیریکردنە لە مافی گەلی فەلەستین بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لەگەڵ قودس شەریف وەك خۆی پایتەخت."